تیلیگرام دەستی کرد بە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق بە کەشی ئاشکراکردنی زانیاری

سەرچاوەیەکی حکومی ئۆژی هەینی ئاشکرای کرد کە بەرپرسانی ئەپی تیلیگرام دەستیان کردووە بە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق لەسەر کەشی دزەکردن و ئاشکراکردنی زانیاری هاوڵاتیانی عێراق.

سەرچاوەکە بە RT ڕایگەیاند کە ئاژانسی هەواڵی موتەبع بەدوای چووە، "بەرپرسانی حکومەتی عێراق پێیوەندییان لەگەڵ بەرپرسانی کەمپانیای تیلیگرام کردووە سەبارەت بەو ئاشکراکردنی زانیاریی تایبەتیەکانی هاوڵاتیان کە لە کەناڵەکانی ئەم ئەپە ئاشکرا دەکرێت".

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد: "هەردوولا دەستیان کردووە بە هەماهەنگیکردن لەسەر پاراستنی داتاکانی هاوڵاتیانی عێراق"، بەبێ ئەوەی ناوەکی هاریکارییەکە ئاشکرا بکات.

شایەنی ئاماژەیە کە حکومەتی عێراق چەند ئۆژەک لەمەوبەر بەکارهێنانی تیلیگرامی قەدەغە کرد بەهۆی ئەوەی بە "کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی" هەیە، وەک حکومەتی عێراق ناوی برد.